٢ - احمد صادق سعد (الدولة الأموية والصراع من اجل العدل افاق عربية ژماره (٦) ل ٦٩-٧٠ سالی ١٩٧٦
٣ - دائرة المعارف الأسلامية . . . هەر ئەو سەرچاوەیە
٤ - دائرة المعارف الأسلامية هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٧٤-٤٧٦
٥ - دائرة المعارف الأسلامية هەر ئەو سەرچاوەیە ل (٤٦٩)
٦ - محمود الجندی - ماهي اليزيدية ومن هم اليزيدون - بغداد- چاپخانەی- التضامن سالی ١٩٧٦ ل (٢٥) پەراوێزی (١)
٧ - دائرة المعارف الأسلامية - هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٧٤-٤٧٦
٨ - دائرة المعارف الأسلامية - هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٤٧٦
٩ - زكی نجیب محمود : المعقول واللامعقول في تراثنا الفكری - القاهرة دار الشرق ل ٧٠-٧٦
١٠ - احمد صادق سعد - هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٧٠
١١ - احمد صادق سعد - هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٧٠
١٢ - سهير القلماوی - ادب الخوارج في العصر الأموی - القاهرة مطبعة لجنة التأليف والتوجيه والنشر ١٩٤٥ ص ٣٠-٣١
١٣ - سهير القلماوی - هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٣٧
١٤ - سهير القلماوی - هەر ئەو سەرچاوەیە . . ل ٣٧
١٥ - مدينة بغداد حالياً
١٦ - قدری قلعچی . . الخليج العربي . بيروت - دار الكتاب العربي ١٩٦٥ ل ١٧٧
١٧ - قدری قلعچی . . هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٧٨
١٨ - قدری قلعچی . . هەر ئەو سەرچاوەیە .


# بەبۆنەی یادی سی‌وپێنج ساڵەی کۆچ‌کردنی مێژوونوسی گەورەی کورد مامۆستا ئەمین زەکی بەگەوە

غفور میرزا کرم

مێژوونوسی گەورەی کورد مامۆستا ئەمین زەکی بەگەوە بەڕاستی کەباسی کەڵەپیاوێکی مەزنی کورد دێتەپێشەوە ، مرۆڤ نازانێ لە کۆیەوە ئەم دەرگا گەورەیە ئاواڵە بکاتەوە ، نازانێ لەچی کەلەبەرو کلاورۆشنەیەکەوە بەناوو کۆشکی بەرزی کلاڤەی ژیاننامەی‌دا گوزەر بکا چۆن بەباڵای بەرزی‌و دەوری کاریگەرو بەپیزی لەمەیدانی خزمەت‌کردنی رۆشنبیری‌دا هەڵبدا ، یان‌چۆن بەشەن‌و کەوی کوردەواریمان سەرگوزەشتەی ژیانی پڕخوێندن‌و بیرکردنەوە ، بەرهەمی شاکاری پلەو قۆناغی جۆراو جۆری بەسەرهاتی بپێوی‌و بنرخێنێ بەتایبەتی ئەگەر شاسواری باسەکەشمان مامۆستا ئەمین زەکی بگ بێ .

کە بە بڕیاری باڵای تێگڕا جوڵانەوەی رۆشنبیرانی کوردو بیروڕای گشتی وردو درشتی بەرەی خوێندەوارانی کورد . . . ناوی پاش مێژوونووسی مەزنی یەکەمی کورد ئەمیرخانی بدلیسی خاوەنی شەرەفنامە دێ .

دوور نیە هەبێ واچوێ بە مێشکی‌دا ، یا ئەشێ هەبێ وا بزانێ ، یابیرو عەقڵی هەر ئەوەندە بڕبکا . وەیا بە مەزەنە وای بۆ بچێ کە مامۆستا ئەمین زەکی بگ ئەم ناز ناوە گەورەیەی لە بۆش‌و لەهیچی نەبوەوە وەرگرتبێ .

واتە نگینی ئەم گەورەییەو ناودارەی بەڕیکەوتی رۆژگاری گونجاو دەست‌کەوتبێ ، یا گرەوی ئەم پایەداری‌و زانایی‌و دانایيەی بەبێ عارەق ڕشتن‌و ڕچڵەکین دڵ‌و هەژانی دەروون بردبێتەوە . بۆیە لەم هەڵویستەدا ناچارین کە کێومالێ بەدارستانی چڕوپڕی ژیانی پڕ لە کۆشش‌و سەرکەوتن . . . شانازی دابکەین . تا لەسەرێکەوە یادی پیرۆزی زیندوو شاسواری‌یەتی لە مەیدانی تۆمارکردنی مێژووی کوردی‌دا بنرخێنین



وببوژێتەوە .

لەسەرێکی تریشەوە ئەم ئەرکە بچوکەمان ببێتە هاندەرو پاڵ پێوە نەر. . . بۆ نەوەی تازەی هاوچەرخ بۆبەجێ هێنانی فەرمانی سەرشان ، بەرهەمی گەورە لە پێناوی گەشەکردنو بەهێزکردنی . . . جولانەوەی ڕۆشنبیری کوردیو . . . خزمەت‌کردنیو لاتو گەل .

محمد ئەمین زەکی : لەگەڕەکی گۆیژە لە سلێمانی لەناو جەرگەی کوردستان لەباوەشی بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە ڕووی ئابوریەوە چاوی بەرۆژگاری کۆمەڵگەی کوردی پڕمەینەتی پەژارەی ژێردەست‌بوی دەوڵەتی عوسمانی هەڵهێنا . بنەماڵەی ناوبراو بەناو داری پایەبڵندو دەوڵەمەندێکی ئەوتۆ ناوی دەرنەکرد بو . .

لەڕەشە خەڵکی ئەو دەورە هەر ئەوەندە زیاتر بو کە باوکی عبدالرحمان توانیبوی . . . بچێت بۆ حەج وەبێت بە حاجی . بەواتایەکی تر ڕیشەی بنەماڵەکەی بۆ ئاغاو بەگ ، بۆچین دەرەبەگ‌و دەست‌ڕۆیوو ناگەڕێتەوە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە ناوبراو بەپێچەوانەی چەرغی نالەباری نەگونجاو بەکۆششی بێ پشوی بەتواناو زیرەکی بێ‌هاوتایی بەڵێ‌هاتوویو دالێرانە بەسەر هەورازی پێش‌کەوتندا سەرکەوتوە وڕێگەی سەربەرزی شکاندوە . . . وەپشت‌بخۆ . . . بووە بەپایە بڵندو زانا وەلەسەر تەختی دانایی‌و مێژونوسی‌و نەمری دانیشتووە . محمد ئەمین زەکی لە سەرەتادا بۆ دەرس خوێندن بووە بەقوتابی لە حوجرەی مەلاعزیز دا . لەم قوتابخانە ئاینیە خنجیلانەیەدا هەوەڵ جار چاوی بە کلچێوی خوێندنو زانستی بەئاگاهاتن ئەڕێژێ .

وەزمانی تازەگرتووی بەدەرسی خوێندنی فارسی ئەپژێ جالەم پلەی سەرەتایی ژیانی‌دا مەلاشووی بەزیرەکی ولێ هاتوویو بلیمەتی هەل‌دێنێتەوە .

وەکانیاوی تواناو بیرتیژی‌و وەپشوونەدان لەسەر خوێندن بەجارێ لەدڵ‌و دەرونیا ئەتەقێتەوە . . . . ئیتر لێرە بەدواوە هەمو خوێندنێکی لائەبێ بەئاو خواردنوە لەسلێمانی هەرچی قوتابخانە هەیە هەموی بەسەرکەوتوی تەواو ئەکا . لە حوجرەی ملاعزیزەوە تاقوتابخانەی سەرەتایی تا روشدیە عسکری .

لە مامۆستای یەکەمینەوە مەلا عزیز تائەگاتە سەر خواجە ئەفندی . . . . سەرجەم ئەم پلەو قوناغە خوێندنانە بەسەرکەوتوویو سەربەرزی ئەبڕێ . بەلام لەگەڵ ئەمەش‌دا شەپۆلی هەڵچوی ئارەزووی لەرادە بەدەری لەم سنوورەدا نە ئەوەستا تاسەی دەروونی‌و هێلانەی ڕازونیازی . . . بەم کەمە خوێندنە . . دا نەئەمرکایەوە بۆیە لە پێناوی خوێندن بەعاشقی زانینی بەرفراوان بەرەو بەغدا هات . . . . لەبەغدا بەسەرکەوتوویی قوتابخانەی ئەعدادی عەسکەری تەواو ئەکا . . کە لەدوایشدا هەر بۆ هەڵێنجانی خوێندنو زانستی ڕێگای ئەستەمبوڵ ئەگرێتە بەر . . لەئەستەمبوڵیش تێر لە خوێندن ئەخوا . . .

وەلەدوا پلەدا . . . ئەچێتە قوتابخانەی حەربیەوەو بەئەفسەر دەرئەچێ . وئەبێتە فەرمانبەر لە لەشکری عوسمانی دا . . . بەم چەشنە پلەو پایەی سروشتی‌و دیاری‌کراوی خۆی لە لەشکری عوسمانی دا وەرئەگرێ بەڕاستی ناوبراو . . . وەك پەروانە بە دەوری چرای خوێندنو زانستی‌دا ئەسووڕایەوە وەهەمیشە بەعەشقی‌وە بەرەو پیری خوێندنو زانستی‌وە ئەچوو کورد واتانی

ئەگەر لەبۆتەی خوێندندا بیان‌کولاّنیایە ئۆخەی نەئەکرد واتە بەشیرەوە ئەم پیشەیەی وەرگرتوە .

بەم چەشنە لەم قۆناغە مێژووییەی ژیانی دا لە لەشکری عوسمانی دا پلە بەپلە سەرکەوتنی بەدی ئەهێنا تاگەیشتە پۆپەی هەرە بەرزی . . . وجێگای تایبەتیو گرنگی لەم دەزگایە دا وەرگرت . .

ژیانی ئەم قوناغەی ناوبراو بریتیبو لە ژیانێکی ئاسایی سەربازیو بەس ، بلیمەتیو لێهاتوویی ناوبراو تەنها لەمەیدانی سەربازیو نیشانەوە وەرگرتنو دانانی کتێبو نامیلکەی سەربازی بەزمانی تورکی وفێربونی زمانە بێگانەکان وەکو ئینگلیزی وفەرەنسیو روسیو وەگەشت‌وەری بۆ ئەنجامدانی کاری دەوڵەت بو فەرەنساو روسیاو تێکرا ولاّتەکانی تری ئەوروپا بوو .

پریشکی بەتینی شورشی گەورەی فەرەنسە – ١٧٨٩ – بیرورای پرشنگداری برایەتی ، ئازادی ، یەکیەتی . . . ئاگری لە تەختو بەختی رزیوی گەنگەلی دەولەتی عوسمانی بەردا ، چاوو مێشکی رۆشنبیرانو گەلانی ژێردەستی دەولەتی عوسمانی رووناك کردەوەو بەئاگای هێنان . بۆیە گەلانی عوسمانی بۆ خەبات دێنەکۆری مەیدانەوە بەتێکرای بێ‌منو تۆتۆی بانگی راهێشتنی مردنو ناشتنی پیاوە نەخۆشەکە کەسەری لە گوێ گۆر ئەلەرزیوە ئەدەن . بۆ یەکەم جار دژی سوڵتان ودارودەستەی شۆرشی مشروطیە لە ساڵی – ١٩٠٨ – بەرپا ئەکەن .

بەم چەشنە سوڵتان عبدالحمید بەناچاری مل بۆ هێزی گەلانی عوسمانیو داخوازیە رەواکانی شۆر ئەکات . . وەکۆمەڵی ئەتیحادو تەرقی سەرکردەی ئەم ڕاپەڕینەیە . . جڵەوی کار وەرئەگرێ . بێ‌گومان گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی هیواو ئومێدێکی گەورەو بەهێزیان بەم ڕاپەڕینە بەستبوو ، بەلاّم بەداخەوە گوڵی هیوای بەرزیان هەرلەیەکەم رۆژەوە سیس بوو بۆیە لەم هەڵوێستەدا گەلانی ژێردەست هەریەکەیان لە کلاورۆژنەی بەرژەوەندی نەتەوەیی‌وە ڕیبازی تایبەتی خۆی گرتەبەرو لە پێناوی پارێزگاری خۆیو وولاّتیو وچارەنوسی دوارۆژیدا دەستیان بە خەبات کرد هاتنی دارودەستەی ئەتحادیەکان بۆ سەردەزگای دەسەلاّت داری بەیەکجاری شیرازەی یەکیەتی گەلانی ژێردەستەی دەول/تی عوسمانی پسانو بارودۆخێکی تازەی هێنایەکایەوە .

جێگای خۆیەتی لێرەدا بڵێین کە ڕاپەرینی مەشروطیەتی عوسمانی بە ڕووداوێکی گرنگ‌و بەووریابونەوەیەکی روشنبیرانە بۆ گەلانی ژێردەستەی دەول/تی عوسمانی دائەنرێ .

رۆشنبیرانی کوردیش ئاگری ئەم ڕاپەرینە ، دڵ‌ودەرونی هەژاندنو خستنیە ناودەریایی بیرکردنەوەو ووریابوونەوە وەبەرەو کۆری خەباتی نەتەوایەتی هاوچەرخ ڕاپێچی کردن . ئەتوانین نمونەی بەئاگاهاتنو دەوری کاریگەری مشروطیەی عوسمانی لە بیرورای مامۆستا محمد ئەمین زەکی بەگدا ببینین کەوا لەخوارەوە بە کورتیو پوختەیی ئەینووسین :–

مامۆستا محمد ئەمین زەکی دەڵێت . « کاتێ ووشەی عوسمانی لە تورکیادا سڕایەوەو پێچرایەوەو ووشەی تۆرانی تازەداهات‌و جێگەی گرت ، ئەم کارە بەرەنگێ کاری کردەسەرم کە منیش بەوێنەی ئەوکەسانەی کە لەنەتەوەی تورك نەبوون هەستم بە نەتەوایەتی خۆم کردو ویستم هەستی هەڵچونی نەتەوایەتیم بەتوندیو بەهێز دەربخەم» .

واتە مشروطیەت بەجارێ دڵ‌و دەرونی ڕۆشنبیرانی کوردی هێنایە هەژان ، بیرومێشکی راچڵەکاندنو راپێچی کۆری مەیدانی نەتەوایەتی هاوچەرخی کردن .

بۆیە ئەتوانین بڵێین کە سەرەتای بیرکردنەوەو هەست بەگیانی نەتەوایەتی کردنو قەڵەم هەڵگرتنی ناوبراو بۆ نوسینی مێژووی کورد بۆ ساڵی – ١٩٠٨ – ئەگەرێتەوە ،

کاتێ کە ناوبراو تەمەنی لە –٢٨– ساڵیدا بوو . شیاوی باسە کە مرۆڤ لەم تەمەنەدا پاش ئەوەی بەهەڵبەزو دابەزی تاقی‌کردنەوەی ژیاندا ئەڕوا . . بەبیرێکی قاڵ ، بەدڵێکی گەورەو خاوێنەوە ڕووداوی تازە ، بیروڕای نووێ هەڵئەسەنگێنیو ئەی‌نرخێنێ . بۆیە ناوبراو بەچاوێکی خێرایی بەرابردووی ژیانی دا هاتەوەو بە بیرێکی والاّ بێژی هاوچەرخو مێشکێکی ڕووناك ، بە دڵێکی گەورەی پڕخۆزگەوە بە ناو هاتە مەیدانی نوسینەوەو دەستی کرد بە تۆمارکردنی مێژووی گەلی کورد . .

بەم چەشنە مامۆستا ئەمین زەکی وێنەو نیگاری بارو دۆخی ناساز رۆژگاری ناهەمواری ئەو سەردەمەمان بە ووردیو داناییی بۆ ئەکێشی ئەوهەلو مەرجە گونجاوەی کەبۆ رۆشنبیرانی کورد لەم چەرخەدا رەخسابو بە ڕوونی پیشان ئەدا وەهەوێنی چەکەرەکردنی گیانو بیری نەتەوایەتی هاوچەرخو سەرهەڵدانی تێ‌کۆشانی نەتەوایەتی . . . . ئەخاتە ڕوو لەدوایی دا وەلەباسی سەرگوزەشتەی خۆیەوە . . . دەرگای کۆششی بێ‌وێنەی خۆیمان بۆ دانانی کتێبی مێژووی کوردو کوردستان بو ئەکاتەوە . . . .

وەدەڵێت ووشەی عوسمانی دەماری هەریەکێکی لە ئێمەی ڕۆڵەی نەتەوەکانی تری غەیرە تورکی سڕ کردبو .

کەس نەبو باسی ڕەگەزی نەتەوایەتی تایبەتی خۆی بکا واتە دەوڵەتی عوسمانی بەوێنەی دەزگایەکی چەوسێنەرەوە تێکڕا گەلانی ژێر دەستەیی بەنەتەوەی تورکەوە ئەچەوساندەوە بۆیە لەم قۆناغە مێژوییەدا تێکۆشانی نەتەوایەتی کزوو سڕو لەبەر چاونەبوو . مامۆستا ئەمین زەکی بگ بە دڵ تەنگی بەدەم ئاخ و ئۆفەوە باسی ئەم دەورەمان بۆ ئەکا دەڵێت :

. (نەم ئەزانی ڕیشەی نەتەوایەتیم بۆکوێ ئەگەڕایەوە چونکە لە ژیانمدا هیچ لەم بارەیەوەم . . . . نەئەخوێندو نەئەزانی) واتە پاش مەشروطیەت وەکو لەئاسمان بکەوێتەخوارەوە . . . . دڵ و دەرونمان کەوتە هەژان و ڕاچڵەکین) وەدەڵێت ( کەوتمە قسەو پرسیار لەگەڵ خۆمدا ئەم پرسی ئەشێ نەتەوەی کورد بۆچ ڕیشەو ڕەگەزێك بگەڕێتەوە ؟ بەڵام بێ وەڵام ئەمامەوە ! تەنانەت کەوتمە پرسیار کردنیش لە هەندێ ئاشناو دۆستیش . . .هەر بێسوودبو) . . . ئیتر باروودۆخی تازەی کورد . . .

دڵ و دەروونی مامۆستا ڕائەچڵەکان بۆیە وەك هەنگی برسی کەوتە گەشت بەگوڵ گوڵزارادا وەك مەلەوانێکی کارامە کەوتە مەلە بەناو دەریای زانین‌دا وەك زانایەکی دڵسوز شەوو ڕۆژی لێك ئەدا ، سەری بەسەر کتێبی هەمە جۆرە شۆڕ ئەکردەوە بۆ مەبەستی بەرزی کام ڕیگەی سەخت بوو ئەی گرتەبەر لەهەموو کتێبێکی بیگانەدا بەهەر زمانێکی بوایە گەوهەرێکی هەڵ ئەبژارد تالە ئەنجام‌دا بەپشتیوانی زۆر دۆست و ئاشناو توانی کتێبی مێژووی کوردو کوردستان شاکاری بەرهەمی پیرۆزی لە ساڵی -١٩٣١- بەکوردی بخاتە بازاری کزو کەساسی ڕۆشنبیری کوردەوە .

کەبەمە دەرگایەکی گەورەی بۆ نەوەی هاوچەرخ کردەوەوە سامانێکی نەتەوەی مەزنی پێشکەش بەنەتەوەکەی کرد کە بەهۆیەوە نازناوی مێژوونوسی مەزنی هاوچەرخی بە بالآدا براوو ناوی بە نەمری و مەزنی لەناو خوێنەوارانی کوردا دەرکرد .

بەڕاستی پێویستە جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لە کلافەی ژیاننامەی زانای بەرێز ، لە هەڵوێست و ڕیبازی لە پەندو ئامۆژگاریەکانی لە خۆپێ گەیاندنی هەڵکەوتنی وەکو مێژوونوسێکی کوردی هاوچەرخ کەڵك و سوودی بەپێز وەربگرن . . . .

بۆ نمونە پێویستە بەووردی پلەی ژیانی ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیە گرنگەی کە بەسەر زانایی ناوبراو هاتووە بە ووردی بخوێنێ وەدەرسی بەنرخی لێ وەربگرێ ئەوبارو دۆخەشی بکەیتەوە وەوهەڵسەنگێنێت کە بۆچی زانای ناوبراو بە گڕوکفی لە فەرمانبەرێکی پایەداری خاوەن نیشانە هەڵگری زۆر لە لەشکری عوسمانی دا هەوارگەی کاروانی خۆی بگۆڕێ و دەستی بداتە خامەوبکەویتە نوسین لەسەر مێژووی گەلە کەساسە بێ کەسەکەی .

بۆچی لە کاتێکدا بەرهەمەکانی تێکڕا بەزمانی تورکی وە لەسەر ڕووداوی سەربازی قەوماوی جەنگ بوو کەچی ڕووی لەم ڕیبازو هەڵویستە وەرگەڕان . . . . وەخۆی هاویشتە ناو مەیدانی نووسینی و کوردی و مێژووی نەتەوەکەی ووتی ! « ناشیرین و نەنگە کە مێژووی کوردو کوردستان دانێ نوسینەکەی بەزمانی زگماکی نەتەوەکەی نەبێ» وەبکەوێتە ڕەخنەگرتن لە نوسەرو مێژوونووسانی پێش خۆی کە دەڵێت «بۆزانای گەورەی کورد ادریسی بدلیس ئەگەر کتێبە مێژوییەکەی هەشت بەهەشت کەلەسەر دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتان بایزیدی عوسمانی ئەدوێ بەزمانی فارسی بێ چونکە نوسەر باسی مێژووی نەتەوەیەکی تر ئەکا» .

.«بەڵام ئەمیرخانی بدلیس ئەبێ چ چەشنە بەڵگەو بەهانەیەکی هەبێ کە کاتێ شەرفنامەی کەلەسەر مێژووی نەتەوەی کورد ئەدوێ بە زمانی فارسی بێ» جائەم گۆڕانکاریە بەهێزەی کە لەژیانی زانای ناوبراودا ڕووی‌دا کارێکی وای کردە سەر کە شاکاری بەرهەمی مێژووی کوردو کوردستان بەزمانی کوردی دابنێ لە کاتێکدا . . . . کە جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لەبارێکی دژوارو ناقولآدا ئەژیا . . . وەختێ کە تەنها گەلی کورد لە عێراقدا ڕۆژنامەیەك ژیان لە سلێمانی وەگۆڤاری زاری کرمانجی لە ڕەواندوزی هەبوو لە بارودۆخێك دابوو کە هێشتا خوێنی لاوەکانی ڕاپەڕینەکەی شەشی ڕەشی ئەیلول لە باخچەی سەرای سلێمانی دا ووشك نەبووەوە شێخی گەورەش شێخ محمودی نەمر لە ئەعظمیە لە بەغدا بەدەست بەسەریەوە ژیانی ئەبردە سەر لە کاتێك دا بوو کەکاروانی خوێنەواری کورد لە پلەیەکی نزم و کزو کەساس دا ئەژیا ئیتر لەم هەڵوێستە دا بەش بەحاڵی خۆم هەر ئەوەندەم لە تواناداا بوو کە بەرامبەر ئەم یادی پیرۆزی مێژوونووسی گەورەمان پێشکەش بە خوێندەواوارانی بکەم کوردواتانی دیاری دەستی شوان هەرشەنگنوو هەڵەکۆك . بەڵام ئەرکی گەورەو فەرمانی مەزن بۆ ئەم یادکردنە گەورەیە ئەکەوێتە سەرئەستۆی تێکڕا جوڵانەوەی ڕۆشنبیرانی کورد .

لەدوایی دا کۆتایی باسەکەمان بەم پارچە هۆنراوەی

پیرەمێردی نەمر هاورێی زانای گەورە ئەهێنین کە بەبۆنەی کۆچ‌کردنی مامۆستا ئەمین زەکی بەگەوە کە ڕێکەوتی مانگی تەموزی - ١٩٤٨ - ئەکاداوئەڵێ :

### «شیوەنی ئەمین زەکی بەگ»

چرای رووناکی کورد کوژایەوە
تەختی سلێمانی تەخت کرایەوە
تۆماری کوردی تأریخهەڵپێچرا
پەردەی ڕەش بەڕووی ئەدەبدا کێشرا
ئەمین زەکی بەگ ڕۆژی ڕەمەزان
هەوارگەی بردە سەرگردی سەیوان
لەوساکە ئەو ئەسپەردەی گڵە
فرمێسك تێکەڵ بە خوێنی دڵە
دەرکەوت زاتێ بوو بەعەهدو پەیمان
لەدوای ڕۆژا هاتەوە ناومان
بۆمیللەتەکەی هێند تێ‌کۆش بوو
قەڵەمی دەست‌و پەنجەی شکابوو
دیسان بۆ پێنجوین تێ‌کۆشایەوە
خەبەر ! (ئاو گڵ‌وا هێنایەوە)
تاچەرخی دەوران لەکار ئەکەوێ
پیاوێکی وامان تیاهەڵناکەوێ
دایکی خاك وەهای گرتۆتە باوەش
ئازاری پەنجەی کردوە فەرامۆش
بەڵام من پەندی جەرگم بڕاوە
زوو نەگەمە لای کارم شێواوە

گەلاوێژ ژمارەی ٧ی ساڵی ١٩٤٨

# بچویك گولە . .
# گەش بهێلە

صدیق خالد هروری

باخچێ کو بهێتە چێکرن ، ژهەمی تۆخم‌و ڕەنگێت گولا لێ چاندین چاڤەرێی بهارەکێ‌یە سوڵین‌و بوشکوژا گەش بکەت ، دا باغ بخملیت ، مالی تێکدا بکەملیت . دەمێ دارەکا بەری بهێتە چاندن ، پێتڤی‌یێ خەپارە و کولانێ‌یە ژ چەڤێد زیندەو کرم‌و دەردی پاراستنێ ، داژ ڤێ‌ڕێ‌وێ زوی بگەهیت یان نزیێ بیزاڤ‌و ئازرین تێدا کار بکەی‌و بهل خەپرینی و بکەزێنخی سوبەهی دێ بیتە ڕەز .

بچویك ژی هەروەکی ڤان هەمی تشتا پێتڤی پویتەکێ مەزن‌و چاڤ دێریەکا بەردەوامە . .

باب‌و باپیرا ڕێکا ژنێ ڤەوژارتی‌یە و ڕیا دورروست ئاشکرا کری‌یە ، ژبەر هندێ ئەڤەژی ژبیر نەکرو لسەر بەری نەخشاند ( شفکێ بتەرینی بچەمینە) . بەلێ ، مادەم بچویکە ڕێڤەبەرو کاربەدەستێ پاشە ڕۆژێ ، کەڤ‌و بەربەستا ئاستەنگ و گرفتاریا ، هۆلکا ڕۆژگارا بێ بەخت و مروەت ، پرا کاروانێ بۆش‌و ڕێ دوبر ، ئەرێ پا بوو لاندکێ تاکەینە خاندنگەهەکا بشەرەگەهو برا هاڤێژ؟ ، بۆمال ، ڕاکەینە گەرەکا بزڤرۆك ، فێر بکەین چەوا دێ مەلەڤان بیت ڤان سیپەل و پێلا شکێنیت ؟ ، بو ئەڤادبینین و بینای ناکەینە گۆهارك‌و بکەین گۆهی ؟ ، دا سوبەی بزانیت ئێك‌و ئێك دێ بیتە دوو ! . . . دا ڕەش و سپی ژێك جودا کەت ! .

دایکینە ! بابینە ! ئەڤ دیاریا بەرکەفتی و هێزا هێڤی و